**کۆماری عێراق**
**هەرێمی کوردستان**
**سەرۆک**

**بڕیار**
**ژمــارە (١)ی ســاڵی ٢٠٢٢**

بەپێی ئەو دەســەڵاتەی پێماندراوە لە بڕگەی (یەکەم)ی ماددەی (دەیەم) لە یاســای ســەرۆکایەتیی هەرێمی کوردســتان ژمارە (١)ی ســاڵی ٢٠٠٥ی هەموارکراو و پاڵپشــت بە یاســاکاریی پەرلەمانی کوردستان کە لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (٦)ی رۆژی ٢٠٢١/١١/٩ کردوویەتی، بڕیارماندا بە دەرکردنی:

**یاسای ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٢١**
**یاسای هەمواری پیادەکردنی یاسای بازرگانی عێراقی ژمارە (٣٠)ی ساڵی ١٩٨٤**
**لە هەرێمی کوردستان – عێراق**

**ماددەی(١):**

**ماددەی (٢٤)**ی یاســاکە هەمواری پیادەکردنی دەکرێت، و بڕگەیەکی بە زنجیرەی (یەکەم) بۆ زیاد دەکرێــت، و بەو پێیە زنجیرەی بڕگەکانی دواتر ڕێکدەخرێتەوە و بەم شــێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

**یەکەم:**

١- وەزارەتی بازرگانی و پیشــەســازی لە هەرێمی کوردســتان- عێراق، لایەنی تایبەتمەند دەبێت بە تۆمارکردنی ناوی بازرگانی و ڕێکخستنی تۆمارنامەی بازرگانی.

٢- ئەنجوومەنی وەزیران ئەرکی پێکهاتەکانی وەزارەت، لە ڕووی ڕێکخســتنی تۆمارنامەی بازرگانی و پێدانی ناوی بازرگانی، بە پەیڕەوێک ڕێکدەخات کە بۆ ئەم مەبەستە دەریدەکات.

**ماددەی(٢):**

دەقی بڕگەی (**یەکەم**) لە ماددە (**٢٥**)ی یاســاکە هەمواری پیادەکردنی دەکرێت، و بەم شــێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

**یەکەم:** پێویســتە تۆمارکاری ناوە بازرگانییەکان ناوی بازرگانی تۆماربکات، بەمەرجێك لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە گونجاوبێت، و ڕەتی بکاتەوە ئەگەر پێچەوانەی بێت، هەروەها پێویستە لەهەردوو باری تۆمارکردن و ڕەتکردنەوەدا، بڕیارەکەی لە بڵاوکراوەی تایبەت بە ناوە بازرگانییەکان، کە بۆ ئەم مەبەستە دەریدەکات، بڵاوبکاتەوە.

**ماددەی (٣):**

**ماددەی (٢٦)**ی یاساکە هەمواری پیادەکردنی دەکرێت، و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:
وەزارەتی بازرگانی و پیشــەســازی لە هەرێمی کوردســتان - عێراق ئەرکەکانی هاتوو لەم یاســایە، پەیوەست بە تۆمارکردنی ناوە بازرگانییەکان و تۆمارنامەی بازرگانی دەگرێتە ئەستۆ.

**ماددەی (٤):**

دەستەواژەکانی (ژوورە بازرگانی و پیشەسازییەکان) و (یەکێتی گشتی ژوورە بازرگانی و پیشەسازییە عێراقییەکان) و (ژووری بازرگانی و پیشەسازی تایبەتمەند) کە لە ماددەکانی (٢٧، ٢٩، ٣١، ٣٢) و بڕگەی (دووەم)ی ماددەی (٣٦)ی یاساکە هاتوون، دەگۆڕدرێن بە دەستەواژەی (وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی لە هەرێمی کوردستان – عێراق)

**ماددەی (٥):**

ڕەسمی تایبەت بە تۆمارکردنی ناوە بازرگانییەکان و تۆمارکردن لە تۆمارنامەی بازرگانی و هەموو بابەتەکانی پەیوەندیدار پێیەوە بە ڕێنمایی دیاریدەکرێت، کە وەزیری بازرگانی و پیشەسازی لە هەرێمی کوردستان – عێراق، بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزیری دارایی و ئابووری هەرێمی کوردستان – عێراق دەریدەکات.

**ماددەی (٦):**

پێویستە لەسەر لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی (٧):**

کار بە دەقی هیچ یاسا و بڕیارێك ناکرێت کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆك بێت.

**ماددەی (٨):**

ئەم یاسایە لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان)دا جێبەجێ دەکرێت.

**هۆیەکانی دەرچواندن**

بەمەبەستی ڕێکخستنەوەی تۆمارنامەی بازرگانی و تۆمارکردنی ناوە بازرگانییەکان و ڕاسپاردنی بە لایەنێکی فەرمی کە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازیە لە هەرێمی کوردستان ـــ عێراق، ئەم یاسایە دەرچوێندرا.

**نێچیرڤان بارزانی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان**